## چۆن پەتا جیهانییەکەی ساڵی ١٩٥٧ هەر زوو لەڕێی خۆیدا بەری پێگیرا؟

### نووسینی بێکی لیتڵ

### وەرگێڕانی حسێن محەمەد

لە ڕۆژی ١٧ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٥٧ دا دکتۆر مۆریس هیڵمانی پسپۆڕی بواری پەرەپێدانی پێکوتە، پەی بەوە برد وا پەیتا پەیتا پەتایەک ڕوو لە ئەمریکا دەکات. ئەو کاتە ڕۆژنامەی نیۆرک تایمز یاداشتی فرە بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزایەکی لە هۆنگ کۆنگ دەکرد. باس و خواسێکی تایبەت سەرنجی دکتۆر هیڵمانی ڕاکێشا، لە هێڵێکی درێژی چاوەڕوانی بۆ بینگەی پزیشکی(کلینیک)، ڕۆژنامەکە وەهای گوت"ژنان منداڵانی چاویلکە لەچاویان بە پشت هەڵدەگرت." جەنابی دکتۆر ئەبووایە دەمودەست کاری بکردایە و ئەوەی هاتە بەرچاو پەتایەکە بڵاوەبووەتەوە و ئەبووایە پەرەی بە پێکوتە بدایە بەو پێیەی ئەو کاتە پایز بوو، سەرەتای قوتابخانە بوو.

یەکەمین حاڵەتی پەتایەکە لە ناوچەی گیزۆی باشووری ڕۆژاوای چیندا لە مانگی شووباتی ساڵی ١٩٥٧دا دەرکەوت. لەو کاتەی هیڵمان لە مانگی نیساندا دەربارەی ئەمە خوێندبیەوە، ڕۆژنامەکە باسی لەوە کرد بەنزیکی ٢٥٠ هەزار کەس یان با بڵێین ١٠%ی خەڵکی ئەو ناوچەیە چارەسەریان بۆ ئەم پەتایە وەردەگرت. دواتر وەها لە بەرنامەی " The Vaccine Makers Project " دا دوا "هەموومان لەدەستمان دەرچوو، سوپا لە دەستی دەرچوو، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی لە دەستی دەرچوو."

ڕۆژێ دوای خوێندنەوەی ئەم باس و خواسە، بروسکەیەکی بۆ تاقیگەی پزیشکیی سوپای گشتی لە شاری زاما لە وڵاتی یابان نارد و داوای لە دەستەکە کرد تا لێکۆڵینەوە بکەن و بزانن لە هۆنگ کۆنگ چی دەگوزەرێ. چاودێرێکی پزیشکیی کەسێکی لە دەریاوانی ئەمریکای تووش بووی بەم پەتایە لە هۆنگ کۆنگ دا دەستنیشان کرد و لیکی نەخۆشەکەی بۆ هیڵمان لە ئەمریکا نارد تاوەکو لێکۆڵینەوە لە ڤایرۆسەکە بکات.

### ساڵی ١٩٥٧ ڤایرۆسەکە گۆڕا

پۆڵ ئۆفیتی پزیشکی منداڵان دەڵێت، کە بەڕێوەبەری سەنتەری پەروەردەیی پێکوتەیە لە نەخۆشخانەی منداڵانی شاری فیلادلفیا نووسەری کتێبی"کوتان، کۆششی مرۆڤ بۆ سەرکەوتن بەسەر کوشندەترین نەخۆشییەکانی جیهاندا." دەڵێت " لەبەرئەوەی هیڵمانی سەرۆک بەشی نەخۆشییەکانی هەناسە لە پەیمانگای سوپایی واڵتەر ڕید بواری هەبوو دەستی بە بڕێکی زۆری خوێناوگی(سیرۆم) وەرگیراو لە کەسانی تەمەن جۆراوجۆر لە ساڵانی ڕابردوو و چەندین دەیەدا."

لە لێکۆڵینەوەکەیدا لە پەیمانگای واڵتەر ڕیددا، هیڵمان سەرنجێکی گرنگی دا بەوەی دوو پرۆتینی سەرەکی لە ڤایرۆسی پەتاکەدا بەناوەکانی ، هێماگلوتینین و نورامینیداس، کەمە گۆڕانێکیان لە نێوان وەرزەکاندا بەسەردا هاتبوو(ئەم ڕوانینەش یارمەتی دا پێشبینی پێویستی پێکوتەی ساڵانە بکات).

ئۆفیت دەڵێت " لە ڕێگەی بەراوورد‌کردنی ڤایرۆسی کارمەندەکەی دەریاوانی لەگەڵ ڤایرۆسەکانی پێشوودا، ئەوەی دۆزییەوە ئەم کەمە گۆڕانە سەرنجڕاکێشە بوو. ئا ئەو دوو پرۆتینە لەوانەی پێشووتر تەواو جیاواز بوون. نەک هەر دەگوازرانەوە، بەڵکو گۆڕانیشیان بەسەرهات." ئەم ڤایرۆسە نوێیە چەشنێکی فرە جیاوازی ڤایرۆسەکە بوو.

هیڵمان هیچ بەڵگەیەکی لەبارەی بەرگری بەکۆمەڵی بۆ ئەم چەشنە نوێیە نەدیتەوە، جا لەبەرئەوە ڤایرۆسەکەی بۆ ڕێکخراوەکانی تری تەندروستی نارد تا دۆزینەوەکانی پشتڕاست بکاتەوە. ئەو ڕێکخراوانە بۆیان دەرکەوت تەنها کەسانێک کە بەرگرییان بۆ ڤایرۆسەکە هەبوو، کۆمەڵێکی کەمی خەڵکی بوون لە ٧٠و ٨٠کانی تەمەنیاندا بوون، کە لە "پەتای ڕووسی" ساڵی ١٨٩٨ و ١٨٩٠ قوتاریان بوو بوو.

بەم دۆزینەوەی، هیڵمان بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکاندا هەبوو و ڕاشیگەیاند پەتایەکی جیهانی نوێ هاتووە و لە مانگی ئەیلولدا دەگاتە ئەمریکا. هەندێک ڕەخنەی لێگیرا، بەڵام سەرکەوتووانە بڕوای بە کۆمپانیاکان هێنا تا لەکاتی دیاریکراودا پێکوتەی ڤایرۆسەکە بەرهەم بهێنن. هێلکەی پیتێنراوی مریشک بۆ ئەم پێکوتەیە پێویست بوو، جا لەبەرئەوە کۆمپانیاکانی ڕاسپارد وەبیری جوتیارەکان بهێننەوە لە کۆتایی وەرزی هەڵهێناندا کەڵەشێر لەناونەبەن.

پزیشک و زانایان یەکەم جار لە ساڵانی ١٩٤٠کاندا پێکوتەی ساغڵەمی ڤایرۆسیان پەرەپێدا، جا لەبەرئەوە لە ئەی ڕەقیبەوە دەستیان پێنەدەکرد، کاتێک کاریان لەسەر پێکوتەی ڤایرۆسەکەی ساڵی ١٩٥٧کرد. هێشتاش هیڵمان خۆی لە دەزگا فەرمییەکان لەکارەکانیدا بەدوور دەگرت تا پێکوتەکەی بەرەوپێش بەرێت چونکە خەمی ئەوەی بوو ئەو دەزگایانە وابکەن خاو و خلیچکی لەکارەکەیدا دروست ببێت.

**کاتێک ڤایرۆسەکە گەشتە ئەمریکا، پێکوتە بەرهەم هێنرابوو.....**

کە لە مانگی ئەیلولدا پەتایەکە گەشتە ئەمریکا، هەروەک هیڵمان پێشبینی کردبوو، پێکوتە لە ئەمریکا بەرهەم هێنرابوو. ئەو ڤایرۆسە، کە ناوی "ڤایرۆسی ئاسیایی" لێنرابوو، بە پێی خەملاندنەکان ٧٠٠٠٠هەزار تا ١١٦٠٠٠ هەزار ئەمریکی کوشت، لە ئاستی جیهانیشدا لە هەرملیۆنێک ١ بۆ ٤کەسێکی کوشت، بەڵام شارەزایان پێیان وایە گەر پێکوتە نەبا، ژمارەی مردن زۆر لەوە زیاتر دەبوو. لە دەوروبەری ئەو کاتانەی هیڵمان لەدایک بوو، ئەنفلۆنزای ئیسپانی(١٩١٨-١٩١٩) بەنزیکی ٦٧٥٠٠٠ هەزار کەسی لەئەمریکا و ٥٠ ملیۆن کەسیشی لە سەرتاپای جیهاندا لەناوبرد. ئەلیکساندرا لۆردی سەرۆکی بەشی زانست و پزیشکی لە مۆزەخانەی سیمثۆنی نیشتیمانیی مێژووی ئەمریکا لە واشنتۆن دەڵێت"ئەمە بابەتە چاو دابەستکەرەکەی تەندروستی گشتییە. کاتێک کارەکان لەسەر سکەی خۆیان زۆر بە باشی دەڕۆن، سەختە بڵێین، ئا ئەم هەموو خەڵکە ڕزگار دەکران چونکە نازانین بەبێ پێکوتە چیمان بەسەر دەهات. جا لە کاتێکا نەزانین کتومت چەنێک خەڵک ڕزگار دەکران، وابزانم هەر باشە بڵێین هیڵمان سیحرئاسا بەری بە ڤایرۆسەکە گرت."

پێش مردنی لەساڵی ٢٠٠٥دا، هیلمان پەرەی بە زیاتر لە ٤٠ پێکوتە دابوو. زۆرێک لەم پێکوتانە بۆ نەخۆشییەکانی منداڵان بوو. بۆ ئەم کارەی، شانازی ئەوەی پێدەبڕن ژیانی ملیۆنان کەسی ڕزگار کردبێت. لە ساڵی ١٩٨٨دا مەدالیای نیشتیمانی بۆ زانستی وەرگرت لەبەرئەو کارانەی لەبواری تەندروستی گشتیدا کردبووی.

سەرچاوە:-

https://www.history.com/news/1957-flu-pandemic-vaccine-hilleman